ئیدارەی کەرکوك: دەستگیرکردنی راکان جبوری پەیوەندیدارە بە رکارەکانی گەندەڵی کارگێڕی و دارایی

ئیدارەی پارێزگای کەرکوك رایدەگەیەنێت، دەستگیرکردنی راکان جبوری پارێزگاری پێشو بە وەکالەت پەیوەندی بە سکاڵا و دەستوەردانی کەسایەتی سیاسی و حزبیەوە نیە، بەڵکو پەیوەندیدارە بە رکارەکانی گەندەڵی کارگێڕی و دارایی.

ئیدارەی پارێزگای کەرکوك لەرونکردنەوەیەکدا لەبارەی کەیسی راکان جبوری پارێزگاری پێشوی کەرکوك بە وەکالەت بڕاویکردتەوە، "دەسیەکە بابەتکی (قەزایی و یاسایی و کارگێڕی)یە و پەیوەندیدارە بە تەمەتی دەسیە و ڕکارەکانی گەندەڵی کارگێڕی و دارایی کە لە ماوەی ئەرکەکەیدا ئەنجامی داوە.

ئەوەشیخستەڕو، "پەیوەندی بە سکاڵا و دەستوەردانی کەسایەتی سیاسی یان حزبی و ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران، یان کەسانی دیکەوە نییە".